# (مەهەستی هات وپڕی کردین لەبۆن ..پڕی کردین لە ئاسۆ! )

## هیوا ئەحمەد مەحمود\قەڵادزێ




وەك بۆنێك هات و ناو ژورو هۆڵ و جێ و ڕێیەکانی پڕپڕ کردین لەبۆنی مەهەستی،هات و وەك شنەیەك ئاسودەیی و ئارامی بۆ هێناین ..وەك سروەك باوەشێنی ڕوحی کردین و دوو باڵی لێ ناین تێر فێری فڕین وئەندێشەی قوڵ قوڵی کردین ..هێندە بەهێمنی ولەسەر خۆیی دەهات بەوشەپڕلەواتاکانی ..بەنوبرەو ئیقاعێکی وادەهات ،وەك ئاوێکی ئەفسانەیی گیانی دەشوشتینەوە،دەنگی هیندە بەڕوونی هەڵدەقولاَ،کانی ئاسا زیخ ولی ئاوازو وشە ، جوان جوان بەڕوونی دیار بوون ،دەنگی هێندە سەنگین بوو دەمارەکانی خاو دەکردینەوە ..دەنگی هێندە ناسیاو بوو ،دەرگاو پەنجەرەی ژوورو دڵ ودەرون یەکسەر دەکەوتنە سەر پشت و،بێ فەرموو کردن شارەزایەکی ئەزەلی ناخی هەر یەکێکمان بوو ..وەك هەواو هەناسە سنوری نەبوو..تام وڕەنگ وبۆنی نەبوو،سەرەڕای ئەوەی شەبەنگ و چێژو بەرامەی بەهار بوو!!

هەمووومان قەرزداری مەهەستین ،هەر لە منداڵیەوە کەبەدەنگەکەی گۆش کراین ،لەگەڵ ناوی مامۆستاکەمان ناوی مەهەستی و ،لەگەڵ ناسینی نیشتیمانی خۆمان بەمەملەکەتی مەهەستی ئاشنا بووین! لەگەڵ گەورەبونی ئێمەو ئاوارەبونی مەهەستیدا،ڕوومان سوڕاند بۆ مەملەکەتی تاراوگەو ،لەگەڵ سوتان وئارەزوی گەڕانەوە بۆوڵاتەکەی هاوخەمی بوین هاودەردی بوین..

هەر لەساتی ناسینی مەهەستی بەگەنجێتی ،لەئاوارەیشدا هەر گەنج و بەگوڕو تین و، بۆیە لەسەر شانۆ هەر بەگەنجێتی بەلادا هات..مەهەستی دڵە پڕ لەئیشقەکەی ( ئیشقی ئاوازی ڕەسەن ووشەی بەهادارو دەنگی زەنگوڵەیی)بردە ژێر خاکی ئاوارەیی..

مەهەستی ڕۆیشت و ئیتر نابێ چاوەڕێی بەرهەمی تازەی بکەین ..مەهەستی ڕۆیشت ودنیایەك کاسێتی پڕ لەمیهرو گەورەیی و بەخششی بۆ بەجێ هێشتین! ڕۆیشت وڕوناکی وبۆن وئیشقی لەگەڵ خۆی برد..ڕۆیشت وبەئاوات نەگەیشت (بەخشندەیەك نەبوو) چاوەکانی بێ پەساپۆرت بەرێتەوە بۆ نیشتمانەکەی و لەجیاتی ئەو سنورەکان ببەزێنێ و تێرتێر سەیری نیشتیمانە دێرینەکەی بکات وئەلبومێك لەیادگاری بۆ بێنێتەوە مەخابن..!